

# وەگێڕ

## لە (منارەی ئاوەدانی)

## ی

## کاروان عومەر کاکەسووردا



**حەمە مەنتک**

هونەری گێڕانەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە: (ڕۆمان، چیرۆک، یادنووسی...تاد) لە ئێستای بواری ئەدەبیدا زۆرترین خوێنەری بۆ خۆی قۆرخکردووە. بێگومان ڕووتێکردنی خوێنەر لە گێڕانەوە هەروا لە خوتوخۆڕایی نییە، بونیادی گێڕانەوەیش هێند هونەر و تەکنیکی تێدا بەکاردەبردرێ، کە خوێنەر سەراسیمە دەکەن، بێگومان هەموو نووسەرێکی بواری گێڕانەوەیش لە توانایدا نییە، ئەو هونەر و تەکنیککارییە بکات.

# قوتابخانەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی بە پێی ئەو پێوەرانەی بۆ ئەدەب هەیبووە، پێناسەی چیرۆکیان کردووە

چیرۆک وەکو یەکێک لە جۆرەکانی گێڕانەوە بە زۆر شێوە پێناسەی بۆ کراوە. دەتوانین بێژین، هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی بە پێی ئەو پێوەرانەی بۆ ئەدەب هەیبووە، پێناسەی چیرۆکیان کردووە، بۆ نموونە: سۆسیۆلۆجیستەکان لە دیدێکی سۆسیۆلۆجییانەوە لە چیرۆکیان ڕوانیوە. سایکۆلۆجیستەکان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی فرۆید و یۆنگ پێناسە و ڕاڤەیان بۆ دەقی چیرۆک کردووە. فۆرمالیستە ڕووسەکان بە شێوەیەکی تر...تاد. بۆیەیش کاتێک ئێمە دەمانەوێت، چیرۆکی نووسەرێک ڕاڤە بکەین، بێگومان دەبێ میتۆدێک دیاری بکەین، تاکو پەرتوبڵاوی بە توێژینەوەکە دیارنەبێت.

بونیادەکانی چیرۆک (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، کات، وەگێڕ...تاد) هەر یەکەوە گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەمووشیان بە ڕایەڵەیەکی پتەو بەیەکەوە بەستراون و پەیوەندییان هەیە، تەنانەت لێکجوێکردنەوەیان کارێکی سەختە. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنێ لەبارەی یەک لەو بونیادانە (وەگێڕ) لە کۆچیرۆکی (منارەی ئاوەدانی)ی کاروان کاکەسوور دەدوێین.

## وەگێڕ لە ڕووی زاراوەوە:

زاراوەی وەگێڕ لە نێو ئەدەبی کوردیدا بە زۆر شێوە بەکاردەبردرێت. لە زمانی ئینگلیزیدا (Narrator) و لە عەرەبیدا (الراوی — السارد)ی بۆ بەکاردێ. بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا وەکو زۆربەی زاراوەکانی تر ڕای جوایەزی لەسەرە، ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە خاوەنی فەرهەنگێکی زانستی بۆ زاراوەکانی زمانی کوردی نین، هەروەها هەر نووسەرە و خۆی بە کوردیزان دەزانێت. لە کوردیدا بۆ ئەم زاراوەیە (گێڕەوە، گێڕەڕەوە، حیکایەتبێژ، چیرۆکبێژ، بێژەر، چیرۆکگێڕەوە، بگێڕ) بەکاردەبەن، بەڵام ئێمە لە ڕووی زانستییەوە (وەگێڕ)مان لە هەموویان پێ پەسنتر بوو، هەروەها کوردی ترە.

## چەمکی وەگێڕ:

وەگێڕ ڕەگەزێکی سەرەکیی چیرۆکە. بێ ئەم ڕەگەزە هەرگیز چیرۆک بوونی نییە. ئەم ڕەگەزە لەگەڵ دوو پێکهاتەی تر بونیادی گێڕانەوەکە لە نێو چیرۆک دیاری دەکەن، هەر سێ پێکهاتەکەیش بریتین لە: وەگێڕ و بابەتی گێڕانەوە و بەردەنگ. وەگێڕ «لە پرۆسەی گێڕانەوەدا کەسێکە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، سا یان بە شێوەیەکی زارەکی یان لە میانی نووسراو یان کتێبێکەوە بێ»١ وەگێڕ ئەو کەسەیە ئەرکی گێڕانەوەی لەسەرشانە. ئەو ماسکەیە کە ئەو کەسە لە پشتییەوە پرۆسەی گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات. بابەتی گێڕانەوەکە ئەوەیە کە وەگێڕ لە ڕێی گوتاری گێڕانەوە بۆ بەردەنگی دەگێڕێتەوە، بۆیەیش وەگێڕ بەرپرسیارییەکی گرنگی لەسەرشانە، چۆن ئەو پرۆسەیە بە سەرکەوتوویی و بە تەکنیکێکی هونەری ئەنجام دەدات، چونکە دەبێ قەناعەت بە خوێنەر بکات. هەروەها سیحرێک لە خوێنەر بکات و تێکەڵی نێو ڕووداوەکانی بکات. وەگێڕ دەتوانێ زانیاریی نوێمان پێ ببەخشێ، بەو واتایەی چیرۆکنووس لەڕێی وەگێڕەوە کولتوور و فەرهەنگی ئەو میللەتەمان پێ دەناسێنێ، ئەمەیش مانای ئەوە نییە، وەگێڕ چیرۆکنووس، یان ڕۆماننووس بێ، نەخێر هەرگیز وەگێڕ چیرۆکنووس نییە، بەڵکە چیرۆکنووس تەنێ تایپێستی وەگێڕە. زۆرجار ئەم

وەگێڕ ڕەگەزێکی سەرەکیی چیرۆکە. بێ ئەم ڕەگەزە هەرگیز چیرۆک بوونی نییە. ئەم ڕەگەزە لەگەڵ دوو پێکهاتەی تر بونیادی گێڕانەوەکە لە نێو چیرۆک دیاری دەکەن، هەر سێ پێکهاتەکەیش بریتین لە: وەگێڕ و بابەتی گێڕانەوە و بەردەنگ



کێشەیە لە نێو نووسینە بەناو توێژینەوەکان وەدیار دەکەوێ، کە بۆ نموونە فلان وەگێڕ نووسەری چیرۆکەکەیە، یان فلان کارەکتەر چیرۆکنووسە. ئەم تێڕوانینە هەڵەیە، چونکە هەرگیز ناتوانین بڵێین کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی کۆلارەباز ـی (خالید حوسێنی)، ڕۆماننووسە. ئەگەر سەیری ئەم کارەکتەرە بکەین، وەکو خالید حوسێنی پزیشکە، هەروەها منداڵیی خۆی بەرباس دەدا، بەڵام هەرگیز خالید حوسێنی نییە. ئەو کارەکتەر و وەگێڕ و شوێنانەی لە چیرۆکەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا هەن، هیچیان واقیعی نین، ڕاستە هەموو ناو و شوێنەکانی نێو چیرۆکەکانی کاروان لە واقیعدا بوونیان هەیە، بەڵام ئەو ناو و کارەکتەر و شوێنانە، هەمووی ئەدەبین.

وەگێڕ ڕۆڵێکی مەزن لە هەڵسوڕاندنی ڕووداو و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان دەگێڕێت، هەروەها هەر تەنێ ئەرکی گێڕانەوەی لەسەرشان نییە، ئەمەیان بەتایبەتی لە ڕۆمانی نوێدا، کە خۆیشی بەشدارییەکی کارای نێو ڕووداوەکان دەکا. تەنانەت وەکو کارەکتەریش دەستی بەردەنگ دەگرێت و شارەزای نێو کۆڵانەکانی چیرۆکەکەی دەکا. «گێرەڕەوە نایەوێ بەردەنگەکەی هەر بە تەنیا لە زانیارییەکانی خۆیدا شەریک بکا، بەڵکو دەیەوێ جگە لەوەی ڕووداوێک بۆ بەردەنگەکەی دەگێڕێتەوە و لە ئاگادارییەکانی خۆیدا بەشداری دەکا، بەردەنگەکەی لە تاقیکارییەکانی خۆیشیدا بۆ گەیشتن بە ڕاستی و چییەتی ڕووداوەکان بەشدار بکا. واتە وای لێ بێ بەردەنگ هەر بەتەنیا بیسەری گێڕەرەوە نەبێ بەڵکو دەگەڵیشیدا، هەنگاو بە هەنگاو بۆ گەیشتن بە چییەتی و چۆنیەتیی ڕاستییەکان، هەوڵ بدا و لە سەرکەتنەکان و شکستەکاندا هاوڕێی ڕاوی بێ. ئەم دەرەتانە کاتێک وەدی دێ کە گێڕەرەوە نەک هەر زانست و ئاگادارییەکانی بە بەردەنگەکەی ڕابگەیێنێ، بگرە نائاگاداری و نەزانینەکانیشی پێ ڕابگەیێنێ.»٢ لێرەوە گرنگیی ئەرکی وەگێڕمان بۆ وەدیار دەکەوێ. دەتوانین بە ڕایەڵێکی نێوان دەق و بەردەنگی لە قەڵەم بدەین. ئەو زانیارییانەی کە لەکن وەگێڕ هەن، جا چ بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بێ بۆ بەردەنگی دەگوازێتەوە. لێرەوە گرنگیی وەگێڕ وەکو ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە پێکهێنانی بونیادی گێڕانەوە، دەسەڵات و توانای هەیە، زانیاری لە جیهانی چیرۆکەکە و کەسایەتییەکان و کات و شوێن هەیە، ئەمەیش ئەو جۆرە چیرۆکانە دەگرێتەوە کە وەگێڕ لە دەرەوەی چیرۆکەکەیە.

لەگەڵ پێشکەوتنی هونەرەکانی چیرۆک، وەگێڕیش پێشکەوت. تاکو سەردەمی (هێنری جێمس) وەگێر لە هونەرەکانی گێڕانەوە چ چیرۆک، چ ڕۆمان، یەک جۆر وەگێڕمان هەبوو، ئەویش وەگێڕی هەمووشتزان بوو. ئەم وەگێڕە تاکە دەنگی نێو دەقەکان بوو. دەسەڵاتی بەسەر هەموو تەکنیک و فەزای چیرۆک و ڕۆمانەکان هەبوو، بۆ نموونە وەگێڕ لە (هەزار و یەک شەوە)، (شەهرزاد)ە، یان لە ڕۆمانەکانی پێش سەدەی بیستەم، وەکو ڕۆمانەکانی (بەلزاک) ئەم جۆرە وەگێڕەی تێدا هەیە. وەگێڕێکی تر هەیە کە هەم خۆی لە نێو ڕووداوەکانە، کارەکتەرێکیشە لە نێو ڕووداوەکان. (دواتر جۆرەکانی وەگێڕ بەرباس دەدەین.)

وەگێر و گۆشەنیگای وەگێڕ (وجهە النظر) پەیوەندییەکی پتەو و وردیان بەیەکەوە هەیە. چیرۆکنووس بیر و تێمەکانی هەروا بە شێوەیەکی

# گۆشەنیگای وەگێڕ بە پێی گەشەکردنی هونەرەکانی ڕۆمان ئەویش گەشەی کردووە

سادە و ساکار ناخاتەڕوو، بەڵکە لە ڕێی گۆشەنیگای وەگێڕەوە بۆ بەردەنگی دەخاتە ڕوو. گۆشەنیگا کۆمەڵی بنەما و چەمکە، چیرۆکنووس لەسەر زاری وەگێڕ دەیچەسپێنێ لە کارێکی هونەرییدا.» گۆشەنیگای وەگێڕ ئاماژەیە بە ڕووی نیگای نووسەر کە دەیەوی بیخاتەڕوو، لەبەر ئەوەی هەموو نووسەرێک بە ئاگایی یان نائاگایی ئامانجیەتی ئەو بیرۆکەی کە ڕەنگدانەوەی گەردوون و سرووشت و مرۆڤە لە کنی بیخاتەڕوو، لەسەر ئەو بنەمایە گۆشەنیگای وەگێڕ بنکەیەکە ڕووداوەکانی لە دەورەدا دەخولێتەوە«٣ گۆشەنیگای وەگێر وەکو زومی کامێرایەکە لەوێوە خوێنەر دەتوانێ دیمەنەکان ببینێ. ئەو ڕێیەیە کە وەگێڕ لە کاتی پیشاندانی ڕووداوەکان تەعبیری لێدەکا. بۆیەیش گۆشەنیگای وەگێڕ چەمکێکی کراوەیە، ناتوانین کورتی بکەینەوە لە « زاراواەیەکی فیکری ،یان ئایدیۆلۆژی، بەڵکە دەلالەتە لە هەڵوێستی خاوەن کارە ئەدەبییەکە، یان تەنێ گۆشەنیگا فیکریەکەیەتی، بە خستنەسەر ئەوە ئەو دەربڕێنە لۆژیکییەیە کە نووسەر دیاری دەکا، تاکو بە هۆیەوە گێرانەوەکەی پێشکەش بکا.»٤ کەواتە ئەو ڕێیە (گۆشەنیگا) تەنێ دووربینێکە سەیری ڕووداوەکانی پێدەکەین، ناکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ فیکر و ئایدیۆلۆژیەکی ناو ڕووداوەکان.

لێرەوە دەمەوێ جۆرەکانی گۆشەنیگا لە دیدی چەند ڕەخنەگرێکەوە بەرباس بدەم، چونکە بەو هۆیەوە پەیوەندیی نێوان وەگێڕ و پرۆسەی گێڕانەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. هەروەها لەوە تێدەگەین گۆشەنیگای وەگێڕ بە پێی گەشەکردنی هونەرەکانی ڕۆمان ئەویش گەشەی کردووە، تەنانەت بۆتە هۆی داهێنانی تەکنیکی فرەدەنگی کە (باختین) لە ڕۆمانەکانی (دیستۆیڤسکی)دا دۆزییەوە. کە ئەم تەکنیکە بەهۆی گۆشەنیگای کارەکتەرەکان هاتووەتەکایەوە. توێژینەوەکان لە گۆشەنیگا بە دوو قۆناغدا هاتوون. لە سەرەتادا لە ڕەخنەی ئەنگلۆ-ئەمریکی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست تاکو کۆتایی شەستەکانی هەمان سەدە بەردەوام بوو. لەم ماوەدا تەنێ وەگێڕی هەمووشتزان گۆشەنیگای تایبەت بە خۆی هەبوو، لەوێوە ڕووداوەکان دەبیندران، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا لە سەرەتای حەفتاکانەوە تاکو ئێستاش بەردەامە، بۆیەیش بە شێوەیەکی گشتی گۆشەنیگا بەسەر سێ جۆر دابەشکراوە:

١.گۆشەنیگای دەرەوە: نموونەی لەو جۆرە چیرۆکانە (ڕۆمانانە)دا هەیە، کە ڕووداوەکانی لەلایەن وەگێڕێکی نائامادە (غائب) گێڕدراوەتەوە.

٢.گۆشەنیگای ناوەوە: نموونەی ئەو جۆرە چیرۆکانە (ڕۆمانانە)ی کە جێناوی (من)ی قسەکەر، یان گێڕانەوەی وەکو ژیاننامە نووسراون.

٣.فرە گۆشەنیگایی: داهێنانی ئەم جۆرەیان لەگەڵ داهێنانی فرەدەنگی بوو. لە ڕۆمانە فرەدەنگییەکان بوونی هەیە. لەم جۆرەشیان دۆستۆیڤسکی داهێنەر و ڕابەرە.

(پێرس لۆبووک) یەکێکە لە ڕەخنەگرەکانی تر کە باس لە گۆشەنیگا دەکا. جیاوازی لە نێوان پیشاندان و گێڕانەوە دەکا. لە پیشاندان وای دەبینێ، گێڕەوە چیرۆکەکە بە خۆی بەبێ هیچ ناوبەندێک دەگێڕێتەوە، بەڵام لە گێڕانەوەدا، وەگێڕ ئاگاداری جیهانی گێڕانەوەکەیەتی، ئەویش گۆشەنیگا بە سێ جۆر دابەشدەکات:

١.پێشکەشکردنی پانۆرامایی: وەگێڕی هەمووشتزان.

٢.پێشکەشکردنی پەردەیی: لێرە وەگێڕ ئامادە نییە

وەگێڕ ڕۆڵێکی مەزن لە هەڵسوڕاندنی ڕووداو و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان دەگێڕێت، هەروەها هەر تەنێ ئەرکی گێڕانەوەی لەسەرشان نییە، ئەمەیان بەتایبەتی لە ڕۆمانی نوێدا، کە خۆیشی بەشدارییەکی کارای نێو ڕووداوەکان دەکا. تەنانەت وەکو کارەکتەریش دەستی بەردەنگ دەگرێت و شارەزای نێو کۆڵانەکانی چیرۆکەکەی دەکا



(غائب)ە، ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێن.
٣.تابۆیی: ڕووداوەکان لە زهنی وەگێڕ، یان یەکێک لە کارەکتەرەکان دان»٥

کاتێک (لۆبووک) خوێندنەوەی بۆ ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)ی (فلۆبێر)ی کرد، دوو پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی دیاریکرد:
یەکەم: پێشکەشکردنێکی پەردەیی کە تێیدا وەگێڕ نائامادە (غائب)ە، لە نێو ڕووداوەکان.
دووەم: پانۆڕامی بە سرووشتێکی وێنەیی کە لەوێدا وەگێڕی هەمووشتزان ئامادەیە.

دوای سی ساڵ (ڕالف فریدمان)ی ڕەخنەگر پەرەی بەم بۆچوونەی (لۆبووک) بە شێوەیەکی تردا. (فریدمان) پەیوەندیی نێوان وەگێڕ و ئەو بابەتەی کە دەیگێڕێتەوە بەرباس دا، لەوێدا بەپێی پلەی بابەتی، هەشت ئاستی لەو پەیوەندییە دیاریکرد، کە ئەمانەی خوارەوەن:

«١.هەمووشتزان: لێرەدا زانیاریی وەگێڕ سنووردار نییە، هەروەها بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی بەسەر تەواوی چیرۆکەکە (ڕۆمان)دا هەیە. نموونەی ئەم شێوەیان بە شێوەیەکی گشتی لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی کلاسیک وەکو: بەلزاک، چارلز دیکنز وەبەرچاو دەکەوێ.
٢.هەمووشتزانی سنووردار: لێرەشدا وەکو شێوەی یەکەمە، بەڵام وەگێڕ و گۆشەنیگاکانی بە ڕاستەوخۆ بەشداری ناکەن، بەڵکە لە ڕێی جێناوی نائامادە (الغائب) بەشدار دەبێ، نموونەی ئەمە لە کن (نەجیب مەحفووز) دەبیندرێ.
٣.(من) وەکو شاهید: گێڕانەوە لێرە بە جێناوی نائامادە (غائب)، دەبێ. لێرەدا وەگێڕ چیرۆکەکەی لە زۆر لا دەگێڕیتەوە، ئەمەیش لە ڕۆمانی (مرتفعات وذرنج) ئەمیل برونتی وەبەرچاو دەکەوی.
٤.(من)ی بەشدار: وەگێڕ لێرەدا لە ئاستی کارەکتەری سەرەکییە، نموونەی ئەم ڕۆمانە (سەراب)ی نەجیب مەحفووز.
٥.هەمووشتزانی فرەگۆشە: لێرە گێڕانەوەکە ڕاستەوخۆ وەکو چۆن کارەکتەرەکان تێیدا دەژین، یان لە هۆشیارییاندا هەیە پێشکەشدەکات. وەکو ڕۆمانەکانی (میرامار)ی نەجیب مەحفووز، (پێنج دەنگ)ی غائب طعمە وەبەرچاو دەکەوێ.
٦.هەمووشتزانی تاکگۆشە: وەگێڕ گێڕانەوەکەی وەکو ئەوەی تەنێ لە هۆشیاریی یەک کارەکتەر هەیە کورت دەکاتەوە، وەکو لە ڕۆمانەکانی (دز و سەگ)ی نەجیب مەحفووز و (ڕێ) و (ڕوویەکی تر)ی فواد تکرلی.
٧.شێوەی پەردەی درامی: لێرەدا تەنێ کار و ئاخاوتنی کارەکتەرە بەشدارەکانی نێو ڕۆمان، نەک بیر و هەستیان پیشان دەدرێ، وەکو ڕۆمانی (زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێ؟)ی هەمینگوای.
٨.کامێرا: ئامانج گواستنەوەی بەشێکە لە ژیان، وەکو ئەوەی چۆن ڕووی داوە بەبێ گۆڕانکاری، ئەمەیش جوایەزی زۆر لەگەڵ ڕابردوو نییە.»٦

پەیوەندیی نێوان وەگێڕ و ئەو بابەتەی دەیگێڕێتەوە، ئەو گۆشەنیگایانەی وەگێڕ دیاریی دەکات، هەروەک (فریدمان) ئەو هەشت ئاستەی دیاریکردووە، بەمەیش پەیوەندییەکی ورد هەیە. ئەو ڕێیەی گێڕانەوەکەی پێ پیشان دەدرێ، هەروا لە خۆڕا و بە شێوەیەکی عەبەسییانە نییە، بەڵکە کامیرایەک، گۆشەنیگایەکی پێویستە. ئەمە لە چیرۆک و ڕۆمانی نوێدا لەگەڵ سەربەخۆیی بوونی کارەکتەرەکان لە وەگێڕی هەمووشتزان، گۆشەنیگاکانیش فرەتر بوون.

گۆشەنیگا جیهانبینیی وەگێڕ و کارەکتەرەکانە، لە ڕێی ئەو گۆشانەوە خوێنەر دەتوانێ کەشی گشتیی چیرۆکەکە بزانێ. پەیدابوونی ئەو گۆشەنیگایانە، بێگومان ئەمانەیش پەیوەندییان بە بابەتی گێڕانەوە و بەردەنگەوە هەیە، مانای گۆڕانی بنەڕەتی لە پرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆک ڕووی داوە. چونکە ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی، بە هەموو ژانرەکانییەوە کەوتە پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ زانستەکانی تر، ئەمەیش لە چیرۆک و ڕۆماندا کاری لە بونیادەکانی ئەو ژانرانەکرد.

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، (واین بۆث) دەهەوڵدا بوو، وێنایەکی تر بۆ گۆشەنیگای وەگێڕ پێشکەش بکا، ئەوەیش بە دەرچوون لەو قاڵبەی کە (لوبووک و فریدمان) دایانڕشتبوو. لەم بوارەشدا دوو توێژینەوەی پێشکەشکرد. یەکەمیان بە نێونیشانی (ڕەخنەی گێڕانەوەیی لە گۆشەنیگای ڕەوانبێژی)، دووەمیان بە نێونیشانی (گۆشەنیگا و ماوە). لەمانەدا دەهەوڵدا بوو، پەیوەندیی نێوان ڕەگەز و ڕووداوەکان بدۆزێتەوە. « (بۆث) سێ جۆری لە گۆشەنیگا و وەگێڕ دەیاری کرد:

١.نووسەری ناوەوە (خودی دووەمی نووسەر): ئەو کارەکتەرە خواستراوەیە، کە جوایەزە لە کەسایەتیی خودی نووسەر.

٢.وەگێڕی نادیار: ئەو وەگێڕەی شاراوەیە و وەدیار ناکەوێ.

٣.وەگێڕی دیار: ئەوە وەگێڕەی ئاشکرایە و زانراوە.»٧.

لەبەر ئەوەی گۆشەنیگا و وەگێڕ ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەیان بەیەکەوە هەیە، جاری وا دەبێ کارەکتەرەکانیش گۆشەنیگای خۆیان هەیە. ئەمەیش کاتێک دەبێ، کە بەشێک لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانیان بکەوێتە سەرشان. لێرەدا بەتایبەت ئەگەر چیرۆکەکە فرەدەنگ بێ، کارەکتەریش ڕۆڵی وەگێڕی پێ دەدرێ، چونکە جاری وادەبێ کارەکتەر تەنێ لە شێوەی دەنگ وەدیار بکەوێ. وەکو بوون هەستی پێناکرێت، بەڵکە دەنگێکە و دەبیسترێت، ئەمە لەبەرئەوەی بەشداریی نێو ڕووداوەکان دەکا، بۆیەیش بە کارەکتەر هەژماردەکرێ. زۆر زەحمەتە لە چیرۆک و ڕۆمان گۆشەنیگا لە بونیادەکانی تری چیرۆک و ڕۆمان جوایەز بکرێتەوە. گرنگی و تایبەتیی خۆی هەیە، بۆیەیش ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەم بوارە بە بایەخەوە لێیان ڕوانیوە. چەندان ڕای جوایەز لەم بوارەدا درووستبوون، هێندێکمان خستنەڕوو.

(تۆدۆرف)ی ڕەخنەگر، بە شێوەیەکی تر لە گۆشەنیگا دەڕوانێت. ئەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە وەگێڕ و کارەکتەرەکان پلەیان بۆ دادەنێت. تۆدۆرف وەگێڕ و کارەکتەرەکان ئاستی بەرزونزمییان بەرانبەر یەکتری دیاری دەکا. بەم شێوەیەی خوارەوە:

«١.وەگێر >کارەکتەر (بینین لە دواوە): وەگێڕ زانیارییەکان لە کارەکتەرەکان زیاتر دەزانێ.

٢.وەگێڕ=کارەکتەر (بینین لەگەڵ کارەکتەر): زانیارییەکانی وەگێڕ یەکسانە بە زانیارییەکانی کارەکتەر.

٣.وەگێڕ<کارەکتەر (بینین لە دەرەوە): وەگێڕ لێرەدا زانیارییەکانی کەمن، کەمتر لە کارکتەرەکان دەزانێ.»٨. بەپێی ئەم دابەشکارییە ئاستییەی تۆدۆرف، جۆرەکانی وەگێڕیش دەتوانین دیاری بکەین. لێرەدا دەبینین گۆشەنیگا و وەگێڕ تێکەڵ بە یەکتری دەبن، ئەمەیش کاردەکاتە سەر بونیاد و شێوازی چیرۆکەکە و بەهێزی دەکات. بەهۆی



ئەو شێوازەوە فەزا و کەشێکی سیحریی وا دەنێو ڕۆمانەکە دروست دەبێ، کە کار لە خوێنەر دەکا و قەناعەتی لەکن دروست دەکا. وەگێڕ وەکو هۆیەکە بۆ پێشکەشکردنی وێنەکان، وەکو تەکنیکێکی هونەرییە بۆ پیشاندانی ئەو جیهانە وێنەییە، کە پێکهاتووە لە ئەزموونی کەسەکان، ئەمەیش لەسەر ئاستی عەقڵی، یان یادەوەری دەبێ. هەر بەهۆی گۆشەنیگای وەگێڕ ئەو ئەزموونە لەسەر ئاستی چیرۆکی دەبێتە ئەزموونێکی تاقیکراوە و تۆمارکراو، کە پشتی بە زمان و هونەرەکانی بەستووە.

گۆشەنیگای وەگێڕ ئەو خاڵە خەیاڵییەیە، لەوێوە ڕووداوەکانی چیرۆک دەگێڕدرێتەوە. جیهانی ئەو خاڵە دەکرێ لە سێ ڕەگەز دەستنیشان بکرێ ئەوانیش «جێ (الموقع)، گۆشە (الجهە)، ماوە (المسافە)»٩، ئەمەیش کاتێک وەگێڕ ئاستی هۆشیاری هەبێ:

١.جێ (الموقع): ئەمە ئەو خاڵەیە، لەوێوە وەگێڕ وێنەی شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. وەکو کامێرا لە نێو کەشتییەک، هەر شوێنێک، بۆ نموونە، جارێک لە ژووری کەشتییەوانە، جارێک لە ژووری خواردنە.

٢.گۆشە (الجهە): ئەو گۆشانەی وەگێڕ لە چیرۆکدا هەیەتی، فرەن. وەکو گۆشە شوێنییەکان، کە وەگێڕ وەسفی شوێن و کارەکتەرەکان دەکا. یان گۆشە کاتییەکان وەکو وەگێر ڕووداوەکان بە ساتی ڕابردوو، یان ئێستایی، یان داهاتوو دەگێڕێتەوە. بەشداریی ڕووداوەکان دەکا، یان تەنێ وەکو گەواهیدەرێک دەمێنێتەوە.

٣.ماوە (المسافە): ئەمەیش ماوەی نێوان وەگێر و ئەو جیهانەی دەگێڕێتەوە دەگرێتەوە. ئەمەیش کار لە گوتاری وەگێر دەکا.

تاکو ئێرە پەیوەندیی نێوان وەگێر و گۆشەنیگای وەگێڕمان تا ڕادەیەک بەرباس دا. بەمەیش بۆمان وەدیارکەوت کە زۆر زەحمەتە ئەو دوانە لە یەکتری جوایەز بکرێنەوە.

## جۆرەکانی وەگێڕ:

ئەگەر سەیرێکی مێژووی چیرۆک بکەین، تا هەنووکە لە یەک چوارچێوەدا نەماوەتەوە، بەڵکو لە چیرۆکەکانی (دیکامیرۆن)ی (پۆکاشیۆ)وە تاکو ئێستا بە درێژایی مێژوو چیرۆک بە هەموو بونیاد و ڕەگەزەکانییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە،. وەگێڕیش وەکو ڕەگەزێکی بنەڕەتیی چیرۆک و ڕۆمان گۆڕاوە. لەبەر ئەوەی چیرۆکنووس و وەگێر پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکترییەوە هەیە (ناڵێم یەک شتن، دەڵێم پەیوەندییان هەیە)، هەر کاریگەرییەک بۆ سەر چیرۆکنووس، کار لە وەگێڕیش دەکا. بۆ نموونە جاران چیرۆکنووس و وەگێڕ بە یەک شت دادەنرا، کە ئەمە هەڵەیە، چونکە وەگێڕ لە کاتی گێڕانەوەدا زۆر ئاڵوگۆڕی لە نێو ڕەوتی ڕووداوەکان دەکا. «ئاڵوگۆڕییەک دروست دەبێ لەلایەن حەکایەتخوانەوە لە کاتی گێڕانەوە و بە حەکایەتکردنی ڕووداوەکان و ئامۆژگاری و پەندەکان، چونکە سیفەتی ڕێکخستنی ڕوودا و زمانەوانی ئەرکێکە گێڕانەوە دەیگرێتەخۆ. بەمەیش گێڕانەوەکە لە ڕۆڵی حەکایەتخوان و ڕۆڵی کەسایەتییەکانی تر بێ بەش نابێت و مەزنیی خۆی دەردەخات و سیمایەکی نوێ بە گێڕانەوەکە دەدا»١٠. کەواتە وەگێڕ کاریگەریی لەسەر ڕەوتی گێڕانەوەکە دەبێ.

وەگێڕ دوو جۆری بنەڕەتی هەیە، یەکەمیان وەگێڕی بابەتی، دووەمیان وەگێڕی خودییە. هەریەک لەم

## ئیشکردنی کاروان هەمیشە ئیشکردنێکە لە نێو کەرەسەکانی ڕابردوو. ڕابردوو ستایلی کاروانە، بەڵام ئیشکردنەکە جیاوازە

دوو جۆرەیش دەبن بە چەند جۆری تر. هەریەک لەم جۆرانەیش سرووشت و گۆشەنیگای تایبەت بە خۆیان هەیە. (د.عەبدولڕەحمان کوردی) ڕەخنەگری میسری لە کتێبی (وەگێڕ و هونەری چیرۆکنووسی) نزیک بە حەوت جۆر وەگێڕی سەرەکیی دەستنیشان کردووە: (وەگێڕی دیار و نادیار، وەگێڕی باوەڕپێکرا و باوەڕپێنەکراو، وەگێڕی هەمووشتزان، وەگێڕی بەشداربوو و بەشدار نەبوو، وەگێڕی دەرەوە و ناوەوە، وەگێڕ بە جێناوی (من) و وەگێڕی نائامادە، وەگێڕ زانیاری و سەرچاوەکان سنووردار دەکا و وەگێڕێک نایکا»١١، لەکن وی هەریەک لە جۆرانەیش چەند وردە جۆری تری لێ دەبێتەوە. کە ئەمانەنن:

١.وەگێڕی دیار و نادیار: ئەمەیش دوو جۆری هەیە:

ا.وەگێڕی دیار: ئەم جۆرە وەگێڕە بە ئاشکرا لە نێو چیرۆکەکە بوونی دیارە، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو کەشی دەقەکە هەیە، واتە دەنگی تەواو زاڵە، تەنانەت لە بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانیش ئاگادارە.

ب.وەگێڕی نادیار: ئەم وەگێڕە دەنگی هەستی پێدەکرێ، بەڵام نادیارە، چۆن لێرەدا ئەمە دەناسینەوە؟ بەهۆی جێ و گۆشەنیگاکانی، وەکو کامیرای شاراوەیە.

٢.وەگێڕی باوەڕپێکرا و باوەڕپێنەکراو: ئەمەیان لە جۆری یەکەم (باوەڕپێکراو) وەگێڕ شوێنە واقیعییەکان وەکو شارەکان، ڕووداوە دیارەکان بۆ نموونە ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردان، دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی باوەڕی خوێنەر بچەسپێنێ، ئەم جۆرە وەگێڕە زۆرتر بەکاردەبرێت بەتایبەت لە قۆناغی کلاسیک. هەرچی وەگێڕی باوەڕپێنەکراوە بە پێچەوانەوە، زێتر لە ڕۆمانی نوێ بەدیار دەکەوێ وەکو لەکن «فۆکنەر، جیمس جۆیس، هنری جەیمس...تاد»

٣.وەگێڕی هەمووشتزان: ئەو وەگێڕەیە زانیاریی تەواوی لەبارەی هەموو ڕووداوەکانەوە هەیە، هەموو چیرۆک و ڕۆمانە کۆنەکان ئەم جۆرە وەگێڕەیان هەیە،. ئەمەیشیان سێ ئاستی هەیە:

ا.وەگێڕێک لە کارەکتەرەکان زیاتر دەزانێ.

ب.وەگێڕێک بەقەد کارەکتەرەکان زانیاری دەزانێ.

ج.وەگێڕێک لە کارەکتەرەکان زانیاریی کەمتر دەزانێ.

٤.وەگێڕی بەشدار و بەشدارنەبوو: ئەمەیان دەکەوێتە سەر ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان وەگێڕو کارەکتەرەکان، ئەگەر ماوەیەک دەنێوانیاندا نەبوو، ئەو وەگێڕە لە ڕووداوەکان بەشدار دەبێ، بەڵام ئەگەر ماوەیەک هەبوو، ئەوا ڕەنگە بەشدار نەبێ.

٥.وەگێڕی دەرەوە و ناوەوە: ئەو وەگێڕەیە کە بە هەستەکانی، گوێی، چاوی، لووتی هەست بە شتەکان دەکاو دەیانگێڕێتەوە، ئەمەیان تەنێ وەسفی ڕووداوەکان دەکا. هەرچی وەگێڕی ناوەوە هەموو چیرۆک و ڕۆمانە سایکۆلۆجییەکان دەگرێتەوە، یان ئەوانەی بە شەپۆلی هۆش دەنووسرێن.

٦.وەگێڕی جێناو (من) و وەگێڕی نائامادە: ئەم جۆرەیان لەسەر بنەمای پیشاندان و پێشکەشکردن دێ، لە نائامادە وەگێڕ لە پشت گوتاری گێڕانەوە دەوەستێ.

٧.وەگێڕێک سەرچاوە و زانیارییەکان سنووردار دەکا و وەگێڕێک نایکا: ئەمەیان لەسەر بنەمای گەیاندنی زانیاری دەبێ.

٨.وەگێڕی چاودێر: ئەم جۆرەیان چاودێریی ڕەوتی ڕووداوەکان دەکا.

جۆری هەشتەم خۆمان درکمان پێ کردووە. هەریەک لەم جۆرانە لە نێو دەقی چیرۆکدا هەروا بەبێ کار نایەت. بەواتەیەکی تر ئەم جۆرانەی وەگێڕ ئەرکێکیان

ئەگەر سەیرێکی مێژووی چیرۆک بکەین، تا هەنووکە لە یەک چوارچێوەدا نەماوەتەوە، بەڵکو لە چیرۆکەکانی دیکامیرۆن-ی (پۆکاشیۆ)وە تاکو ئێستا بە درێژایی مێژوو چیرۆک بە هەموو بونیاد و ڕەگەزەکانییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە،. وەگێڕیش وەکو ڕەگەزێکی بنەڕەتیی چیرۆک و ڕۆمان گۆڕاوە. لەبەر ئەوەی چیرۆکنووس و وەگێر پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکتریەوە هەیە



هەیە. ئەرکی وەگێڕ لەنێو چیرۆکدا وەکو شێوەیەک لە تەکنیکە، چونکە هەریەک لە وەگێڕەکان دەبێ بەشێوەیەکی هونەری ئەو ئەرکەی لەسەرشانیانە ئەنجامی بدەن. واتە چۆنیەتیی گێڕانەوەکە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی وەگێڕ، تاکو ئێستا توێژەران و ڕەخنەگران چەندان ئەرکیان بۆ وەگێر دەستنیشانکردووە. وەکو ئەرکی پەیڤین، هەواڵدان، باوەڕپێهێنان، دەستپێکردنی چیرۆک، هەڵسەنگاندن، ئێستاتیکا، ڕاڤەکردن و لێکدانەوە، ڕازاندنەوە...تاد. ئەم ئەرکانە زێتر لە ڕۆمانی نوێدا، بەتایبەتی ڕۆمانی فرەدەنگی وەدیار دەکەوێ، مەبەستم ئەوەیە لە چیرۆکی (ڕۆمان) تاکدەنگی یەک وەگێڕمان دەبێ، کەواتە زۆربەی ئەرکەکانی دەکەوێتە سەرشان، ڕەنگە نەتوانێ ئەو ئەرکانەی خراونەتە سەرشانی بە تەواوی جێبەجێیان بکات، بەڵام لە چیرۆکی (ڕۆمان) فرەدەنگیدا بە حوکمی ئەوەی چەند وەگێڕمان هەن، هەر یەک لەو وەگێڕانە بەشێک لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لەسەرشانە، کەواتە هەریەک لەوانە ئەرکێکی دەکەوێتەسەرشان، بەمەیش ئاسانتر لێرە ئەنجام دەدرێ، بەوەی ئەرکەکان دابەش دەبن، هەر کارەکتەرە، وەگێڕە بەپێی ئەو جێ و شوێنەی هەیەتی ئەرکەکەی ئەنجام دەدا. ئەمەیش هەروا ناکرێ، بەڵکو دەبێ بەشێوەیەکی هونەری بکرێ. لێرەوە ئەو بەرپرسیاریەتەی لەسەرشانییەتی بۆ قەناعەتپێکردنی خوێنەر بەدیاردەکەوێ، دەبێ بە شێوەیەک پەیامەکەی ئەنجام بدات، کە خوێنەر سەرسام بکا.

**وەگێڕ لە منارەی ئاوەدانیدا:**

منارەی ئاوەدانی نوێترین بەرهەمی چیرۆکی کاروان عومەر کاکەسوورە. ئەوەی دەمەوێ لەم بەرهەمەدا پراکتیکی بکەم، وەگێڕە لەم بەرهەمەی کاروان. ئیشکردنی کاروان هەمیشە ئیشکردنێکە لە نێو کەرەسەکانی ڕابردوو. ڕابردوو ستایلی کاروانە، بەڵام ئیشکردنەکە جوایەزە. واتە هێندە هونەر و تەکنیکی تێدا بەکاردەبا، وا لە خوێنەر دەکا، کە لە ئێستادا ڕووداوەکان ڕوو دەدەن. ئەو کارەکتەر و ناوانەی چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانی دەیانهێنێ، وەکو ناو هەن، بەڵام کەسی واقیعی نین. هەروەک (بەختیار عەلی) لە پێشەکیی ئەم بەرهەمەدا دەڵێ: ئەو واقیعەی کاروان پێم نیشاندەدا، هەمان ئەو واقیعە نییە کە هەیە، ئەو کوردستانە، هەمان ئەو کوردستانەی هەیە، نییە. ئەو هەولێرەی باسی دەکا، هەمان هەولێری واقیع نییە. ئەم بە ئەفسانەکردنی واقیعە لەکن کاروان ئێشکردن و ستایلیەتی.

وەگێڕ لە چیرۆکەکانی نێو ئەم بەرهەمەدا، فرەجۆرە. دەتوانین چیرۆکەکان بە فردەنگ هەژمار بکەین. بەو مانایەی هیچ وەگێڕێکی تاکدەنگ لەم چیرۆکانەدا نییە. وەگێڕی هەمووشتزان هەیە، بەڵام هەرگیز ئەو وەگێڕە ڕێ بە کارەکتەر و دەنگەکانی تر، لە دەربڕینی دەنگی خۆیان ناگرێت. ئەم ڕێنەگرتنە وا دەکات کارەکتەر و دەنگەکانی تر سەربەخۆییان هەبێ. بتوانن خاوەن دەنگی خۆیان بن، خاوەن بیر و فیکری خۆیان بن و چیرۆکی خۆیان هەرنا لە ڕێی وەگێڕەوە بگێڕنەوە.

لە چیرۆکی (١٩٨٥)دا وەگێڕ (من)ە. ئەم وەگێڕە بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی گێڕانەوەی لەسەرشانە. بەڵام وەگێڕێکی لاوەکی هەیە، کە (ئەو)ە. ئەم دوو وەگێڕە بە هاوبەشی وردە چیرۆکەکانی نێو ئەم چیرۆکە دەگێڕنەوە. کە دەڵێم وردە چیرۆک،

مەبەستم ئەو تەکنیکەیە کە (ماریۆ بارگاس یۆسا) ناوی دەنێت: «قوتووی چینی»، واتە چیرۆک لە نێو چیرۆک. لەم چیرۆکەدا چەند وردە چیرۆکێک هەن وەکو: «چیرۆکی ئەو، چیرۆکی بۆتان (هاوڕێی سایب ئەکرەم — سەردەمی زانکۆ)، (من) چیرۆکی خۆی و ئاواز، چیرۆکی (ئەو) و سروود مەڕوان».

وەگێڕەکان لەم چیرۆکەدا هێندێک جار شوێنی یەکتری دەگرنەوە. وەگێڕی (من) لە سەرەتا و ناوەڕاستی چیرۆکەکە زانیاری لە (ئەو)ی هاوڕێی زانیارییەکان کەمتر دەزانێ، چونکە (ئەو) بەسەرهاتەکەی لە نووکەوە بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەها ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئیستای پێ دەڵێ.

وەگێڕی لاوەکی (ئەو) لە ڕێی ئیمایلەکانییەوە کە بۆ (من) وەگێڕی سەرەکی دەینێرێ، لە ڕێی ئەویشەوە بۆ ئێمەی دەگیڕێتەوە. واتە ئەو لە ئیمایلەکان وەگێڕێکی سەربەخۆیە و خاوەن دەنگی خۆیەتی، بەبێ ئەوەی (من) وەگێڕی سەرەکی دەستبخاتە کاری گێڕانەوەکەی، تەنێ هۆکارێکی گواستنەوەی زانیارییەکانە. تەنانەت لە نووسینی زانیارییەکان بۆ (من) دەسەڵاتێکی زاڵی هەیە. «خۆ بە سەرێ زۆرم پێخۆشە هەتا ئیستا ئەو چیرۆکەت نەنووسیوەتەوە... وەکو خۆت دەزانی ئەوسا لەو ڕێستوڕانتە وا ڕێک کەوتین، کە بە هیچ شێوەیەک ناوی من نەهێنیت و تا ماوین نهێنی بێت لە نێوانماندا، چونکە ئەوە شتێک نەبوو بگێڕدرێتەوە.....»١٢ هەر لە ڕێی ئەم ئیمایلانەوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

هەر لەم چیرۆکەدا جۆرێکی تری وەگێڕمان هەیە، ئەوەیش وەگێڕی هەمووشتزانە. لە دەرەوەی چیرۆکەکە وەستاوە و ئاگاداری ورد و درشتی شتەکانە. ئەم وەگێڕە جیایە لە وەگێڕی سەرەوە، کە لە هەمان چیرۆکدا هەیە. لە لاپەڕە (٥٤). دەستپێکێ بەم وەگێڕە دەست پێدەکا. «هەنگاو هەنگاو دوای (ئەمەل فەلەکی) دەکەویت، بەبێ ئەوەی لەو تێبگەیت ئاخۆ تا چ ڕادەیەک لەگەڵت ڕاستگۆیە...» ئەم وەگێڕە نادیارە، هەمووشتزانە، زانیاریی زیاتر دەزانێ، تەنانەت ئاگاداری ئەو هەستانەیە، کە کارەکتەر (تۆ) هەستی پێدەکات. بە (تۆ) دەڵێت واتگوت، یان ئەو وایگوت.

وەگێڕی هەمووشتزان چیرۆکی (تۆ) دەگێڕێتەوە. لە کۆتاییدا وەگێڕ دەبێتەوە بە (من)، لێرەوە چیرۆکنووس سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکەی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بەم پەرەگرافەی کۆتایی چیرۆکنووس قوفڵێک لە چیرۆکەکەی دەدات.

لە چیرۆکی (منارەی ئاوەدانی)دا، وەگێڕی نادیار بوونی هەیە، ئەم وەگێڕە لە دەرەوە وەستاوە و ئاگاداری هەموو شتێکە. هەر لە ڕێی ئەو زانیارییانەی دەیزانێت کارەکتەر بۆ ڕابردوو دەگەڕێنێتەوە. بۆ ژیانی منداڵی، ئەو کاتەی لە تیمێکی تۆپپێ بووە. لە ڕێی بەکاربردنی زاراوەکانی تایبەت بە تۆپپێی لە زمانی ئینگلیزی. هەر لە نێو ئەم چیرۆکەدا، چیرۆکی هێنانەوەی تەرمەکان هەیە، ئەمەیش کۆدێکی تری ئەم چیرۆکەیە. ئەرکێکی دیاری ئەم وەگێڕە ئەوەیە لە بری کارەکتەرەکان ڕابردوویان بۆ دەهێنێتەوە. وەگێڕ لە بری کارەکتەر بۆ ئێمەی خوێنەر دەپەیڤێت. «وا وردە وردە باوەڕ بە مەسەلەکە دەهێنیت، بگرە دەگەیتە ئەوەی بڵێیت پێشتر هەموو ئەو شتانەت زانیوە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت بیرت چوونەتەوە... بە خۆت دەڵێیت ڕەنگە کەسانی دیکەش هەبن وایان بە سەر هاتبێت... هەقی خۆشتە وا بیربکەیتەوە... لەوانەیە سبەینێ

لە چیرۆکی (منارەی ئاوەدانی)دا، وەگێڕی نادیار بوونی هەیە، ئەم وەگێڕە لە دەرەوە وەستاوە و ئاگاداری هەموو شتێکە. هەر لە ڕێی ئەو زانیارییانەی دەیزانێت کارەکتەر بۆ ڕابردوو دەگەڕێنێتەوە. بۆ ژیانی منداڵی، ئەو کاتەی لە تیمێکی تۆپپێ بووە



ئەم بەسەرهاتەت بکرێتە چیرۆک...»١٣ بەهەمان شێوە لە لاپەڕە (١١٤)دا وەگێڕ لەبری کارەکتەر دەپەیڤێ. یەکێ لە ئەرکەکانی وەگێڕ لە زۆر شوێنی ئەم چیرۆکە ڕوونکردنەوەیە، وەکو لە لاپەڕە (١١٥ و ١١٩)دا لە ڕێی هونەری دیالۆگەوە ڕوونکردنەوە دەربارەی کوشتنی (ست ساماڵ) لەلایەن کوڕەکەی (سامان). «هەموو ئەمانە بخەرە لاوە، بەڵام دەبێت کێ (ست ساماڵ)ی کوشتبێت...؟!

-من کوشتم ڕیزێریڤ گیان.

-تۆ...؟! چۆن...؟!

-بە چەقۆ... سکیم هەڵدڕی.

-چۆن توانیت...؟! ئێوە یەکترتان زۆر خۆشدەویست... کەم کوڕ و دایکی وەک ئێوەم لە ژیانمدا بینیوە، بۆیە ناتوانم باوەربکەم»

پێش ئەوە خوێنەر ئاگاداری ئەوە نییە، کێ دایکی سامانی کوشتووە. وەگێڕ لە ڕێی زەمینەسازکردن بۆ ئەم دیالۆگەی نێوان کارەکتەرەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کێ (ست ساماڵ)ی کوشتووە. هەرچەندە کارەکتەری سەرەکی (ڕیزێریڤ) بە منداڵی عاشقی ئەو ئافرەتە بوو، هەروەها لە ڕێی ئەم دیالۆگانەوە، خوێنەر ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێ، کە (ست ساماڵ) سێکسی لەگەڵ هەموو یاریزانانی تیمەکە کردووە.

ئەرکێکی تری وەگێڕ، وورووژاندنی پرسیارە، یان ئەرکی پرسیارکردن. هەر لەم پەرەگرافەی سەرەوە پرسیار وورووژێندراوە بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر ئاشکرابکرێ. وەگێڕ ئەرکێکی تر دەخاتە سەرشانی خۆی، ئەویش ئەرکی وەبیرهێنانەوەیە. بەبیر کارەکتەر دەهێنێتەوە کە چۆن لە ستادیۆمەکە بە چاوی نێرینەییەوە لە «ست ساماڵ»ی ڕوانیوە. چۆن ئەو کات لە دوای ئەو شتانە دەگەڕا کە چێژیان پێدەبەخشی.

ئەرکێکی تر لەم چیرۆکەدا وەگێڕ وەئەستۆی خۆی گرتووە، ئەرکی ڕاڤەکردنی ڕووداو و باسەکانە، ئەم ئەرکە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. لەبەرئەوەی وەگێڕ نادیارە و لەبری کارەکتەر دەپەیڤێت، بۆیەیش بەشێک لە گێڕانەوەکەی ئاراستەی گێڕانەوەی ڕوو لە کارەکتەرە. لێرەشدا وەگێڕ لە ڕێی (دڵشاد ڕەمزی) چۆنییەتی تۆپێنکردن بۆ کارەکتەر ڕاڤە دەکا. « (دڵشاد ڕەمزی) دەیوت وەک چۆن قوتابی دوای دەوام دەبێت کتێبەکانی بخوێنێت، یاریکەریش ئاوا دەبێت لە خەیاڵی خۆیدا بەردەوام خەریکی ڕاهێنان بێت لەسەر ئەوەی چۆن لەو تۆپە زیاتر هەست بە هیچ شتێکی دیکە نەکات....»١٤. وەگێڕە لە چیرۆکدا ئەرکی زۆری دەخرێتە سەرشان، وەگێڕێک بێ ئەرک لەنێو چیرۆکدا بوونی نییە، ئەمە وا دەکات فرەوەگێڕی درووست بێ. هێندێک شت هەیە، لە نێو چیرۆکدا لە سەرەتادا وەکو کۆدێک، یان پرسیارێک دەورووژێندرێ، وەگێڕ هەر لە نێو چیرۆکەکەدا ڕاڤەی دەکات، یان وەرامی پرسیارەکە دەداتەوە.

چیرۆکی (گوڵباران و پیاوە بۆگەنەکان)، یەکێکی ترە لە چیرۆکەکانی نێو ئەم بەرهەمە. ئیشکردنی چیرۆکنووس زیاتر لەسەر بۆنە. بۆن بە شێوەیەکی زۆر فەنتازی کاری لەسەرکراوە. هەرچی بۆنی ناخۆشیش هەیە، لە پیاوەکانەوە دێت. چونکە هەر کارەساتێک بەسەر کورددا هاتبێ لە ڕێی پیاوەکانەوە بووە، ئەم پیاوانەیش هەمووشیان بە هۆی سیاسەتەوە ئەم بۆنە بۆگەنەیان لێدێ. بەهۆی پیاوە سیاسییەکانمانەوە، هەر لە شەڕی یەکەمی براکان لە شەستەکانەوە، تاکو نەوەدەکان چی بۆگەنی هەیە، ئەم خەڵکە و هەرێمەی گرتەوە. لەم

# ئەرکێکی تری وەگێڕ، وروژاندنی پرسیارە، یان ئەرکی پرسیارکردن

چیرۆکەیش ئێمە بەر زیاتر لە وەگێڕێک دەکەوین، سەرەتای چیرۆکەکە وەگێڕ جێناوی یەکەمی تاک (م)ە. یەکەم ئەرکی ئەم وەگێڕە دەهەوڵدایە سەرەداوی چیرۆکێکمان بۆ بگێڕێتەوە. واتە ئەم وەگێڕە زەمینە بۆ چیرۆکی تر لەنێو ئەم چیرۆکە خۆشدەکا. یەکەم ئەرکێک وەبەرچاومان بکەوێ، ئەرکی پێشنیار و چارەکردنە. «ئەوەندە هەبوو من وەکو ئەوانم لە دەست نەدەهات، کە ئاوا عەیبوعاری خانەوادەکەم بهێنمەگۆڕێ... بەهەرحاڵ بەسەرهاتی ئەوان بووبووە خولیان من، بەتایبەتیی شەوان کاتێک گڵۆپ دەکوژایەوە و لێفەکەم دەهێنایە سەرچاوم... یەکێک لە چارەسەرەکان ئەوە بوو، کە باوەژنە دڵڕەقەکە و باوەپیارە تووڕەکە ببنە هاوسەری یەکتر... بەڵێ، بە زۆر دەمکردنە ژن و مێرد بەو مەبەستەی بزانم چی روودەدات، لەگەڵ ڕووداوەکان دەڕۆیشتم... هەندێکجا فرمێسکم هەڵدەڕشت و هەندێکجاریش لە قاقای پێکەنینم دەدا»١٥ لێرەدا وەگێڕ بۆ ئەوەی یارمەتیی هاوڕێکانی بدات لەو خەم و ئازارەی هەیانە، کە هەموو ڕۆژێک بۆی دەگێڕنەوە لە چ ئازارێکدا دەژین، شەوان وەگێڕ لە بیرکردنەوەی خۆی پێشنیار و چارە بۆ ئەو کێشانەی هاوڕێکانی دادەنێت، هەرچەندە ئەویش بەهۆی ئەوانەوە ڕۆژانە لەلایەن باوکییەوە لێی دەدرێت. پێش ئەوەی وەگێڕەکە بگۆڕێ، هەوڵی ڕوونکردنەوە دەدا، ڕوونکردنەوەی بۆ لەبەر ئەو دوو هاوڕێیە لێی دەدرێت. لەمەوە چ چتێ فێربووە. لەڕێی خەیاڵکردن بۆ چارەسەری کێشە و ئازاری ئەو دوو هاوڕێیەی، فێری خەیاڵ و تەکنیک بۆ چیرۆکنووسین بووە. دیارە ئەم ڕوونکردنەوەیەیش بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە سوودی لەو خەیاڵکردنانە بینیوە. لە لاپەڕە (١٥٠)دا وەگێڕ دەگۆڕێت بۆ وەگێڕی هەمووشتزان (نادیار)، ئەم وەگێڕ گۆڕینە لەم بەرهەمەی کاروان لە زۆربەی چیرۆکەکان وەبەردیدە دەکەوێ. هەموو وەگێڕەکانیش بۆ وەگێڕی هەمووشتزان (نادیار) دەگۆڕێ. ئەم گەمەکردنەی چیرۆکنووس زێتر بۆ ئەوەیە بۆمان بسەلمێنێت کە ئەم چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەوە تەنێ گەمە و فێڵکردنێکە لە خوێنەر، چونکە ئەوەندە خەیاڵیان تێدا بەکاردەبردرێ خوێنەر سەراسیمە دەکا. هەروەها تاکو پێمان بڵێت ئەوە من نیم دەسەڵاتی تەواوم هەبێ، یان خاوەنی چیرۆکەکە بم، بەڵکە ئەوە وەگێڕ و کارەکتەرەکان خۆیان، خۆیان دەجوڵێنن و ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبەن. ئەم وەگێڕە (هەمووشتزان) ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆ کارەکتەری نائامادە (تۆ) دەگرێتەئەستۆ. ئەرکی زانیاری خستنە بەردەست، کەوا باوکی کارەکتەری نائامادە لە گازینۆیەک چوار گوللەی بەردەکەوێت و لەبەر تینی گەرما تەرمەکەی بۆگەن دەکا، لەو دەمەوە ناونراوە (جەمشید بۆگەنی)، کارەکتەری نائامادە ئەم زانیارییانەی نییە، بۆیەیش وەگێڕ ئەم زانیارییانەی پێدەدا. لێرەوە وەگێڕ دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی گوڵبارانی دایکی کارەکتەر (تۆ — نائامادە) دەکات چۆن لە دەشتاییەک دایکی خانوویەکی بە تەنەکە دروستکردوە و چیرۆکی ترەکینی سەگێک و هاتنی (سمکۆ) شەقاوە، تا ئەو کاتەی دایکی دەمرێت. وەگێڕ لە ڕێی کارەکتەری دایک (گوڵباران)ەوە کاتێک سەگەکە دەترکێت، کارەکتەری نائامادە (تۆ) وادەزانێت (سروود)ی برای هاتووەتەوە، بەڵام وەگێڕ لە ڕێی دایکییەوە هەواڵی ئەوەی پێدەدا ئەوانە تووتکە سەگن. ئەم



هەوڵدانەیش ئەرکێکە لە ئەرکەکانی وەگێڕ.
وەگێڕ لەم چیرۆکەدا ئەرکێکی تری هەیە، ئەویش وەسفکردنە. زۆرجا وەگێڕ بۆ ناساندنی زێتری کارەکتەر، شوێن...تاد وەکو تەکنیکێک پەنا وەبەر وەسفکردن دەبا، بەڵام ئەم وەسفکردنە هەمان ئەو وەسفکردنەی چیرۆک و ڕۆمانە تەقلیدییەکان نییە، وەسفکردنێکی درێژ و بێزارکەر بێ، بەڵکو وەسفکردنێکە بۆ زێتر بە هۆنەریکردنی چیرۆکەکە. لێرە وەگێڕ وەسفی برا بچووکەکەی کارەکتەری نائامادە (تۆ) دەکا، ئەو برایەی لە زڕباوکەکەیەتی. «ئەگەرچی تەندروستیشی تا ڕادەیەک باش بوو... ڕاستە هەندێک لاواز دەهاتە بەرچاو، بەڵام زیت و وریا بوو... حەزی لە یاری بوو و لە کۆڵان زۆر دڵی دەکرایەوە، هەتا گەورەتر دەبوو، زیاتر ئەو سیفەتەی تێدا دەردەکەوت... هەستت دەکرد پێچەوانەی تۆیە... نە شەرمنە و نە ترسنۆک، بگرە لە ڕێگای ئەو پێکەنین و قسە زلانەیەوە زۆر زوو خۆی دەسەپێنێت...»١٦. ئەم وەسفکردنە هەروەک دەیبینین تەنێ بۆ جوانکردن و بە هونەریکردنی چیرۆکەکەیە. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس گەمەیەکی سەیر بە وەگێڕەکان دەکا. لە لاپەڕە (٢٠٣)دا وەگێڕ دەبێتەوە بە (من)، بەڵام ئەم وەگێڕە گەمەیەکی سەیر دەکا، ئەویش لە ڕێی گەڕانەوە بۆ سەرەتای چیرۆکەکە، کە چەند نهێنییەکی تر ماوە بیدرکێنێت، ئەو نهێنییانەیش تایبەتە بە کارەکتەرەکان، هەر وەگێڕ گریمانەکان دادەنێت و دیالۆگ درووست دەکات، هەروەها وەگێڕ دەکەوێتە دیالۆگ لەگەڵ خوێنەر.
چیرۆکنووس لە چیرۆکی ئەنتیک، وەکو زۆربەی چیرۆکەکانی تری وەگێڕەکەی جێناوی کەسی یەکەمی تاکە. ئەم وەگێڕە هەمیشە لە گەڕانێکی بەردەوامدایە. گەڕانێک بۆ زیندووکردنەوەی ڕابردوو لە ئێستادا. بەڵام ڕابردوویەکی ئێستایی. وەگێڕی ئەم چیرۆکە دوای ئەوەی پیشەکەی لە دەست دەدا، لەسەر ڕای هاوڕێیەکی دوکانێکی ئەنتیک دادەنێ، بەمەبەستی دۆزینەوەی زۆربەی هاوڕێیانی منداڵیی، لەوانەیش هاوڕێیەکی بە ناوی (ئومێد). ئەم وەگێڕەیش ئاگاداری زۆربەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەیە، هەروەها بەم هۆیەوە کۆمەڵێ ئەرکی دەکەوێتە سەرشان. یەکێ لەو ئەرکانە، ئەرکی ڕوونکردنەوەیە. ڕوونکردنەوەی ئەو کارەی کە دوکانی ئەنتیکە دانانە. ئایا تا چەند لەگەڵ ئەو کارە ڕاهاتووە. هۆکاری دانانی دوکانیش ڕووندەکاتەوە «دەمەوێ سەرەتا دان بەوەدا بنێم کە لەگەڵ ئیشەکەمدا زۆر ئاسوودە بووم، چونکە لەو ڕێگایەوە زۆربەی ئەو هاوڕێیانەمم دۆزییەوە، کە بەدرێژایی تەمەنم لێم ون بووبوون... هەر کاتێکم دەزانی یەکێک لەوانە لە پڕ دەهاتە دوکانەکەم و لە باوەشی دەگرتم...»١٧ ڕوونکردنەوەی هۆکاری ئەنجامدانی کارێک، یان هۆکارێک بۆ زێتر بەرچاڕوونیی خوێنەرە، ئەمەیش ئەرکی سەرشانی خوێنەر سووکتر دەکا. چونکە هێندێک جار وەگێڕ هەموو لایەنێکی نێو چیرۆکەکە بەرباس نادا، بەڵکو هێندێکیان لە وێنەی کۆد بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت. بەڵام زۆرجار پەنا وەبەر ڕوونکردنەوە دەبا.
ئەرکێکی تری وەگێڕ درووستکردنی فەزایە. لێرەدا هۆکاری ئەمەیش ئەوەیە، خوێنەر بەدووی لایەنەکانی نێو چیرۆکەکە ماندوو بکا. ئەرکی وەگێڕیش لە زۆر چیرۆکدا ئەوەیە فەزایەک درووست بکا، تاکو هەموو شتێک نەداتە خوێنەر، خوێنەریش ماندوو

# وەگێڕ لە هەموو دەقێکی گێڕانەوەیی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت

بکا، بیری خوێنەر بخاتەگەڕ. ناکرێ وەگێڕ هەموو لایەنێک بەرباس بدا، بۆ نموونە ئەگەر باسی ژوورێک بکا، ناکرێ هەموو کەرەسەیەکی ناو ژوورەکە وەسف بکا، بەڵکو چەند شوێن و کەرەسەیەکی باس دەکا، بەمەیش فەزایەک لەکن خوێنەر دروست دەکا، یەکسەر ئۆتۆماتیکی وێنەی ژوورەکە لەکن خوێنەر بە تەواوی بەرجەستە دەبێ. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا خوێنەر بەر کەشێکی فەنتازی دەبێ. لە ناکاو وەگێڕ (من) دەبێتە بینەر، ئەو دومیەی (ئیدریس) بۆ وەگێڕی هێناوە، دەکەوێتە پەیڤین، لەگەڵ (ئومێد فەهمی)، کە لە ناکاو لەبەردەم دوکانەکەی وەگێڕ (سامان کە کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەیە) قیت ڕادەوەستێ و دەکەوێتە دیالۆگ لەگەڵ دومییەکە، ئەو دومیە وەرامی دەداتەوە، لە ڕێی ئەم دیالۆگەوە ئەو دومیە دەبێتە کوڕی وەگێڕ (من)، بەڵام (ئومێد) بەهەما جلی منداڵییەوەیە کە لە منداڵی (سامان) دیبووی، هێنانی (ئومێد) لە شێوەی منداڵی بۆ زەمەنی ئێستا و بوونی (سامان) بە باوک گەمەیەکی چیرۆکنووسە، کاروان یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی هەمیشە کار لەسەر رابردوو دەکا، بەڵام لە ئێستادا بەرجەستەی دەکا. خوێنەر هیچ کاتێ لە خوێندنەوەی چیرۆکەکان هەست بە زەمەنی ڕابردوو ناکا، بەڵکە هەمیشە وا دەزانی ئەوە خۆیەتی. لە کۆتایی ئەم چیرۆکەیشدا وەگێڕ (من) جڵەوی گێڕانەوە بە هۆی هونەری دیالۆگەوە دەداتە دەست هەردوو کارەکتەر (ئومێد و دومیە). خۆی وەکو بینەرێک دەوەستێ و دەست ناخاتە نێو دیالۆگەکەیش، هەر لە زەمەنی ئێستا، کە خۆی ئامادەیی لە ناو دوکانەکە هەیە، زەمەنێکی تێکەڵ بە رابردوو (ئومێد لە منداڵی) و ئایندە (دومیە وەکو کوڕی) دروست دەکا، بەڵام خوێنەر وا دەزانی لە ئێستایە.

چیرۆکی (ئەلفوبێی باڵدار) دوا چیرۆکی نێو ئەم بەرهەمەیە. وەگێڕ جێناوی کەسی یەکەم (من)ە. یەکێ لە ئەرکەکانی وەگێڕ، بەکەسکردنی کۆمەڵێ کەسایەتیی نێو کتێبەکەی باڵدارە. ئەم بەکەسکردنە بە بڕوای من بۆ ئەوەیە خوێنەر ببێ بە یەکێ لەو کارەکتەرانە، چونکە هیچ یەکێ لە تاکی کورد لە باشووری کوردستان نییە، لە ڕێی ئەم کەسایەتییانەوە (دارا، زارا، زۆراب، زەینەب...) بیری نەکردبێتەوە، وەکو کاروان دەڵێ: فێری خەیاڵکردن نەبووبێ. هەر یەک لەوانە منداڵی هەریەک لە ئێمەیە.



وەگێڕ زەمینە بۆ دیالۆگ خۆشدەکا ئەم زەمینە خۆشکردنە بۆ ئەوەی تاکو خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکە تووشی هیچ سەرسوڕمانێک نەبێ. چونکە چیرۆک خەڵقکردنە، هەر لەڕێی ئەم دیالۆگانەوە ئەم کارەکتەرانە دەپەیڤن. لێرەوە وەگێڕ پێمان دەڵێت: ئەوە هەر یەک لە ئێوەن دەپەیڤن. ئەرکێکی تر وەکو زۆربەی وەگێڕی چیرۆکەکانی تر ڕوونکردنەوەیە، لە لاپەڕە (٢٣١)دا ئەوە ڕووندەکاتەوە، خۆی بە خاوەنی دوو باوک زانیوە، باوکی ڕاستەقینەی خۆی، (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) کە ئەویش ئەو باوکەیە فێری بیرکردنەوەی کردووە. ئەمەیان ئەو باوکەیە لە منداڵیدا بەجێی نەهێشتووە، نەک وەکو باوکە ڕاستەقینەکەی، کە وەگێڕ هێشتا منداڵبوو، ڕووی کردە شاخ و بەجێی هێشت، بەڵام باڵدار بەجێی نەهێشت، بەڵکە دەستی گرت، فێری خەیاڵ و بیرکرنەوەی کرد.

هەر لە لاپەڕە (٢٤٤)دا وەگێڕ هۆکار چوونە دەرەوەی باوکە ڕاستەقینەکەیمان ڕۆژانە، دوای گەڕانەوەی لە



شاخ بۆ ڕووندەکاتەوە.

وەگێڕ دەهەوڵدایە، لە ساتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، هێندێک جار هەواڵ بە خوێنەر بدات. لێرەدا هەوڵی کوژرانی مێردی (بەفرین سالم)مان پێدەدا. ئەمەیش بۆ زانیاری بەخشینە بە خوێنەر، کە ئەم کیژە بۆ تەنیا لە خانوویەک دەژی و وەگێڕ دەیەوێ هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکا. ئەرکەکانی وەگێڕ هێندە زۆرە، جیاکردنەوەیان ئەستەمە، چونکە هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. یەکێکی تر وەکو زۆربەی چیرۆکەکانی تر، ئەرکی ڕاڤەکردنە. زۆرجار وەگێڕ زاراوەیەک، چەمکێک، دیاردەیەک لە نێو چیرۆکەکە باسدەکا، بۆ زێتر بەرچاو ڕوونیی خوێنەر، ئەم زاراوەیە ڕاڤە دەکا. بۆ نموونە لەم چیرۆکەدا لە لاپەڕە (٢٤٣)دا زاراوەی (کۆنزێرڤاتەر) بەکاردەبا. هەر دوای بەکاربردنی وشەکە، دەهەوڵی ئەوەدا دەبێ، ئەم زاراوەیە ڕاڤە بکا. ئەویش بە مانای کەسێکی پسپۆڕ کە لە مۆزەخانە کار دەکا دێت. ئەو کەسە بە شیوەیەک پسپۆڕە، توانای چاککردنەوەی شتەکانی نێو ئەنتیکەخانەی هەیە.

وەگێڕ لە هەموو دەقێکی گێڕانەوەیی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگیرێت. دەتوانین بە ئەستوونی سەرەکیی بینای دەقی چیرۆک و ڕۆمان دادەنرێت. بۆیەیش نووسەر دەبێ بە شێوەیەکی هونەری وەگێڕی دەقەکەی دەستنیشان بکا. ئەم بەهونەریکردنە کار لە بەهونەریکردنی تەواوی بونیادی دەقەکە دەکا.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١.فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٤١.

٢.گۆشەنیگای زانای گشتی لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، ڕەهبەر مەحموودزادە، وێبلاگی ئەنجوومەنی ئەدەبیی شنۆ، http://e-shino.blogfa.com/post-٢١.aspx.

٣.الراوی فی القصه العربیه، یوسف السباعی... نموذجا، د.محمد کمال سرحان، رساله دکتورا، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامیة، ٢٠١١، شوێنی چاپی لەسەر نییە، ل٥.

٤.بناء الروایة دراسة مقارنة لثلاثیة نجیب محفوظ، د/ سیزا أحمد قاسم، الهیئة المصریة العامة للکتاب، ١٩٨٤، ص١٣٠.

٥. صنعه الروایه، بیبرس لوبوک، ت: عبدالستار جواد، دار الرشید، بغداد، ١٩٨١، ص٤٥.

٦. الراوي بوصفه مکونا سردیا، د.سعد العنابی، www.almolltaqa.com/vb/archive/index.php/t-٢٩٤٨٨.html

٧.قراءة الروایة ، مدخل إلی تقنیات التفسیر، روجر ب . هینکل - ترجمة صلاح رزق –دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع- القاهرة-٢٠٠٥، ص١٤٧.

٨.الادب والدلاله، تودورف، ت: د.محمد ندیم خفشه، مرکز الاتحاد الحضاری، ١٩٩٦، طبعه ١، ص٥٤.

٩.الراوی والنص القصصی، د.عبدالرحیم الکردی، دار النشر للجامعات، الطبعه الثانی، ١٩٩٦، ص١٩-٢١.

١٠.تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی «عەبدوڵڵا سەڕاج»دا، ڕێزان ڕەحمان خدر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٧، ل٨٥.

١١. الراوی والنص القصصی، د.عبدالرحیم الکردی، دار النشر للجامعات، الطبعه الثانی، ١٩٩٦،ص٧٩.

١٢.منارەی ئاوەدانی، کاروان عومەر کاکەسوور، چیرۆک، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٩.

١٣.سەرچاوەی پیشوو ل١٠٨.

١٤.سەرچاوەی پیشوو ل١٣١.

١٥.سەرچاوەی پێشوو ل١٤٨.

١٦.سەرچاوەی پێشوو ل١٩٧.

١٧.سەرچاوەی پێشوو،ل ٢١٤.